# يةكَيتي نيشتماني

## دةيةويَت ض طؤرانكاريةك لةخؤيدا درووست بكات ؟

شؤرش حةمة سةعيد

یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەناوەراستی حەفتاکانەوە وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی نویٚ لەتەجرەبەی سیاسیوحزبی کوردستان هاتەسەرشانۆی سیاسی، ئەگەرچی ئەو سەروەختە هێزێکی وەك یەکیتی نیشتمانیکوردستان پێویستییەکی هەنوکەیی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردبوو لەپاش ئاشبەتالی بنەمالەی بەرزانیەوە، وەها پراکتیکێکی نوێی سیاسیو حزبی کە چەند ریکخراوێکی لێك جیاواز لەخۆیدا کۆبکاتەوە مایەی دلخۆشیو تێرامانو سەرنجی سیاسی بوو،ئەو ململانیٚو بیرو باوەرە جیاوازانەی لەسۆنگەی چەند رێکخراوێکی جیاوازەوە لەناو یەکیتی نیشمانیدا قەراریانگرتبوو سەرەتایەکی دیموکراسی جوانبوو کەیەکێتی نیشتمانی پیادەی کرد،لەو بەرەیەدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەك بالێکی مارکسیو پشتوپەنای رەنجدەرانو زەحمەتکێشانی کوردستان پتر لەهەردوو باڵەکەی تر جێگەی متمانەو ئومێدی خەڵکی کوردستان بوو، هەر ئەم هۆیەش بووە مایەی ئەو حەقیقەتەی زۆرترین کوڕانی زەحمەتکێشی شاروگوندەکانی کوردستان بەو ئومێدەوە رێگەی تێکۆشانیان گرتەبەرو لەناویاندا باشترین پێشمەرگەو باشترین کادیری سیاسیو سەربازی هەڵکەوتنو کۆمەڵەیان کردە هێزێکی تۆکمەی قالەوەبووی حەسم کردنی گەلێك شەرو تەنانەت ململانێی سیاسیش لەو سەروەختەدا،ئەورۆژگارانە شاهیدن ئەگەر لیاقەو توانای سیاسیوسەربازی کۆمەلەو کادیرەکانی لەشاخو وردبینیوچالاکی ریکخستنەکانی نەبوونایە لەشار، هەرزوو تەجربەی سەرهەڵدانەوەی شۆرشی نوێ بەگورگانخواردوو دەچوو،بەلام بەپێچەوانەوە دەوری کۆمەڵەی رەنجدەران هێندە کاریگەربوو تانەت بۆئەمرۆش لە پاش نزیکەی ٢٠کاریگەری بەسەر کۆمەلگەی کوردییەوە ماوە کەچی یەکێتی جگە لەکولاندنەوەی برینەکان ناتوانیٚ کەلکی لێوەرگریٚ،هەربۆیەشە لەناکۆکی نیوان خۆییو پارتیدا ئامادەیە بگەرێتەوە سەرهەموو لۆژیکە خواروخێچەکانی مێژوو،لەکاتیکدا لەرابووردشدا ئەگەر هیزی کورە قارەمانەکانی کۆمەلە نەبوایە ئەوا هەرزوو قیادە مووەقەتەی ئەوساوپارتی دیموکراتی ئێستا باڵەکانی تری ناو یەکێتی دەپێچایەوەو سەرکردەکانی تریشی وەك عەلی عەسکری بە ئاربی جی لەگۆری دەنان ،ئەگەر رێکخستنی کورە تێکۆشەرەکانی شارو گوندەکانی کوردستانو خۆپیشاندانەکانی سالانی هەشتاکان نەبوایە باڵەکانی تری ناو یەکێتی توانا و لیاقەی سیاسیو سەربازیو رێکخراوەییان نەبوو ،ئەگەر یەکێتی کوری وەك شەهید جمال تایەری نەبوایە کاری ووردوپرلەدیقەتی رێکخستن بە سەرەك خێلو ئەمسالی سواراغا نەدەکرا، وردبینی سیاسیو هەڵسوکەوتی پێشمەرگەو کادرەکانی کۆمەڵەوەو خۆراگرییان لەزیندانەکانی بەعس نەك هەرکۆمەڵانی خەڵکی کوردسان، بەلکو بەعسیەکانوجەلادەکانی زیندانیشی توشی شۆكوسەرسامی کردبوو،ئەوەی مایەی خۆشحالّی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بوو ئەوە بوو زۆربەی کادیرە سیاسیوبەرپرسەعەسکەریەکانی کۆمەڵە خۆیان هەلقولاوی هەناوی

کۆمەڵانی زەحمەتکێشان بوون،خۆیان کورانی زەحمەتکیش‌ورەنجدەری شاروگوندەکانی کوردستان بوون،دەکریت هەروەك نمونە چەند ناوێك لەو کورە ئازایانە بەنمونە بهێنینەوە کە ئەو سەروەختەو بگرە ئیستاش بوونەتە سمبولی نەبەردیو نەمریو ئازایەتی کەبەداخەوە ئەمرۆ لەسایەی تێکۆشانیاندا خەڵکانی هەلپەرستو خۆپەرستو بگرە تاوانباریش مشەخۆرانەو بەو پەری بێچاوو رووییەوە لەسەر لاشەی شەهیدیانو ئارەقی ناوچاوانیان دەلەوەرین ئەوانەش من تەنها ناوی شەهیدەکانیان دەبەم دەنا دەزانم خەڵکانێکی زۆریش لەوتێکۆشەرانە لەژیاندا ماونوئێستا یان کاسبی ماڵی خۆیانن یان بە هۆی دلسۆزییانەوە بۆ یەکیتی تووشی دوژمنایەتی بوونوئێستاش کەس‌وکاری ئەو تاوانبارانە یان دەسەڵاتداری ناو ریزەکانی یەکیتیو پارتین یان خاوەن دیوەخانو لە زۆربەی بەرپرسەناوەنجیەکانی ئەو دووحزبە دەست رۆیشتووترن، دەنا من زۆر لەو پێشمەرگە دێرینانەی هەردوولا دەناسم تەواو نارازیوبێتاقەتن لەهەڵسوکەوتی حزبەکانیان،بۆیە دەبێت بلێین ئەوانەی شەهید بوون زۆر بەختەوەرترن لە ئێمە کە ئەم هەموو ئەخلاقە کۆنەپەرستیانەی یەکیتیان نەبرد ئەوانەش: (شەهید ئازاد هەورامی،شەهید جەمال تایەر، شەهید جەمیل رەنجبەر، شەهید حسین مەولود (مەلاعەلی شاعیر) شەهید مامەڕیشە، شەهید ئەنووەر حسن،شەهید مەحمودی مامەعەزە، شەهید ئەحمەد مەولوود، شەهید هەڤاڵ غەفور، شەهید محەمەد جاوەر، شەهید مستەفا محەمەد (کوردە) شەهید سەید جەوهەر،شەهید حسن حیدر (هەلۆ)ودەیان شەهیدی تر کە هەریەك لەوانەی ناوم بردوون بەسکێك تێرو بەدەبرسی بوون،هیچکام لەو تێکۆشەرانە رۆژێك مەجالی ئەویان نەداوەتە رژێم بە هۆی پارەو پوولەوە زەفەریان پێبەرێ،تەنانەت کەمن ناوی شەهید حسن حەیدەرم هیناوە، دەزانم بەهۆی فشارێکی زۆرەوە لەلایەن شەخسی تاڵەبانیەوە ناچارکرا ریزەکانی یەکیتی بەجێبهێلێ‌وتەسلیم بەرژێمی بەعس ببێتەوە،ئەوەیش هەربەهۆی دڵنەوایی پیاوە تاونبارەکانی رژێمەوە بوو لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە کە سەرزەنشتی‌یان دەکرد لەبەرئەوەی هەلۆ نەیدەتوانی وەك رۆڵەیەکی زەحمەتکێش مەرایی لەبەر ئاغا داوین پیس‌و دزیوەکان بکات کە دواجاریش ئەوانە بوونە مستەشارو ئەڵقە لەگوێی رژێم‌وبەشداری کوردقرانیانکرد لەهێرشی ئەنفالەکاندا، هەڵۆش بەدەستی جاشە تاوانبارەکانی بەعس‌و بەنەخشەی ئەمنی سلێمانی کوژرا،جگەلە هەلۆش شەهید مەحمودی مامە عەزە لەبیرەوەریەکانی خۆیدا نوسیویێت کە لە سەر کوشتنی رەیس جاشێکی تاوانبار تووشی چ دەردی سەریەکیان کردووەوپاشان ناچاربووە تەسلیم بەرژیم بێتەوەو بەو پەری هەلویستی قارەمانانەی خۆیەوە مایەوە تا لەدەرفەتێکدا گەراوەتەوە نێو ریزەکانی یەکێتی،ئەم مێژووەی یەکێتی قابیلی لیبوردن نیە ،ئەمرۆش کە تالّەبانی لەژیر فشارێکی زۆرو نزیکی هەلبژاردن دێتو هەرای چاکسازیوپاکسازی دەنێتەوەو نەوشیروان مستەفاو کوتلەکەی دێنو باس لە گۆرانکاری دەکەن،لەناو یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا گوایە گەندەڵی تەشەنەی سەندووە، دەبێت لەپێشی پێشەوە لەچاککردنی گەندەلیی زاتی خۆیانەوە دەست پێبکەنو قەرەبووی ئەو خیانەتانەیان بکەنەوە تائەو شەهیدە گیان بەخشیوانە ئاسوودەبن، ئاخر یەکێتی چۆن دەتوانیێت ببێتە

جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان کە کەس‌وکارەکەی مامە ریشە بەقەد نۆکەری دیوەخانی ئەنفالچییەك حورمەتیان بۆنەماوەتەوە؟! ئەنفالچی واهەیە جگە لەوەی هەتا ئەمرۆش لەسەر ڕەنجو ئارەقەی رەنجدەران دەژی و بەفاك‌وفیکی ئاغایانەی خۆی چەندین کەسی بەکوشتداوە ئیستاش جێگە متمانەی یەکێتیەومشەخۆرانە بەسەر خۆینی شەهیدانەوە دەلەوەرێ، یەکێتی ئەگەر هەمان نەهجە سیاسیەکەی پارتی‌هەبوو ئەگەر بەنیازبوو هەمان ستراتیژی کۆنە پەرستانەی ئەوی هەبێ؟ بۆچی لەشەری ناو خۆدا ئەو هەموو کورە تێکۆشەرەی بەکوشتندا؟ حەتمەن ئەم پرسیارانە بە دەرەجەی یەکەم رووی نەوشیروان مستەفا دەگرنەوە چونکە ئەو لە بیرەوەریەکانیشیدا دان بەوراستیەدا دەنێت کە بروای بەنەهجی سیاسی کۆمەلە نەبووە،کەچی تازە بەتازە خەریکە تەورەکەی هەلدەگرێتەوە گوایە پاکسازی دەکاویەکێتی دەگەیرێتەوە بۆ سەردەمی هەشتاکان! بەلام هەرگیز خەڵکی ئەو راستییەیان لێون نابێت کە وریای وەستا وەهاب ئێستا لە قایمەی تاوانبارانی بەسزا گەیشتووی دادگا نامرۆڤایەتیەکانی یەکیتیدایەو هەزاران تاوانباریش کوری گیان لەسەر دەستی یەکیتین‌و لەرۆژانی تەنگانەشدا مشکی تۆقیوی مالیی خۆیانن، کەس‌وکاری شەهیدانیش ئەو هەقیقەتە باش دەزانن،نەك هەر ریزەکانی یەکیتی تەنانەت قایمەی دەزگای شەهیدانەکەشی پربوون لە تاوانباری کوژراو بەدەستی کورەقارەمانەکانی خۆیان،نازانم نەوشیروان ئەو چیرۆکەی بیستووە یان نا؟ کەدەلێت : جارێکیان پیاوێك دەچێت بۆ معامەلەی کورە شە هیدەکەی لەوێ کەس‌وکاری تاونبارێك دەبینێ خەریکی مامەلەی جاشێکن‌ودەیکەن بەشەهید، پاش چەندرۆژێکی جاشەکە مامەلەکەی تەواو دەبێ‌و باوکی شەهیدەکەش بە کارمەندێکی دەزگاکە دەلێت بۆچی ئەو تاوانبارەتان کردووە بە شەهید خۆ ئەو کورەکەی منی شەهید کردووە، من خۆم لە بەرپرسێکی دەزگای شەهیدانم بیستووە کە بە بریاری سەرەوە ئەفسەرێکی فرۆکەوان کراوەتە شەهیدی دەزگاکەمان‌و بە پلەی عەقیدی تەیار موچەی دەدەنێ‌و هەر ئەو بەرپرسەش ووتی لەوانەیە ئەو فرۆکەوانە گۆر بەگۆرە تەقەی لێکردبێ مەعلوم پیشمەرگەشی کوشتووە بەلام ناتوانم بلێم چەند! ئیستاش کەئەمە حالی یەکیتی بێت پیویستی بەروخان‌و سەرلەنوێ درووست کردنەوەی هەیە، روخان لەسەرەوەو بنیاتنان لە خوارەوە بۆئەوەی لەپاش رووخانی رژێمی بەعس نەك هەر یەکیتی بەلکو پارتیش هەردوولا پیکەوە لەگۆر بنرین.حەتمەن ئەمەش لەقازانجی کوردە ئەو رووخانە ئەمرۆ دەست پێبکرێ باشترە لەوەی سبەینێ حکومەتی ناوەندی عیراق بکەوێتەوە سەرخۆی‌و بەزەرەری کورد تەواو ببێت.